# 1 چاوپێکەوتنی سەرەتایی بۆ داواکردنی مافی پەنابەری

UK

چاوپێکەوتنی بچووک

عادەتەن چاوپێکەوتنی سەرەتای لەکاتی تازە گەشتن بە شانشینی یەکگرتوو(بەریتانیا)ئەنجام ئەدرێ؛هەندێک جار لە هەمان ڕۆژدا ئەبێت کە دەگەیتە ئەو وڵاتە وە تۆ لەو کاتەدا هیلاک و ماندووی گەشتەکەتی وە لە دڵەڕاوکێدای؛ زۆربەی خەڵک دەرفەتی ئەوەیان نابێ کە پارێزەرێک بگرن پێشتر  یان قسەی لەگەڵدا بکەن بۆ **ئەوەی ئامادە بن**

چاوپێکەوتنەکە تۆمار ناکرێ (مەبەست بە ڤیدیۆ یان تۆماری دەنگی) و لەوانەیە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بێ وە هەروەها وەرگێرەکەش هەر لە ڕێی تەلەفۆنەوە دابینبکرێ ، **زۆر گرنگە کە بە شێوەیەکی کورت و پوخت و زمانێکی ڕوون** قسە بکەی (ئەگەر هەیە کە ئەو کارمەندەی چاوپێکەوتنەکەت ئەکا کە کارمەندە لە وەزارەتی ناوخۆی شانشینی یەکگرتوو هەمموو قسەکانت تۆمار نەکا ،بۆیە پێویستە تەنها تیشک بخەیتە سەر گرنگترین زانیاری کەیسەکەت،لە دوایدا و لە چاوپێکەوتنی گەورەدا ئەتوانیت زانیریەکانی تر بڵێیت کە چاوپێکەوتنە بۆ داواکردنی مافی پەنابەری.

## وەرگێڕ و زمان

پێویستە بەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵدا ئەکا بڵێی کە تۆ تێناگەیت لە زمانەکەی.
مافی داواکردنی وەرگێرت هەیە بەو زمانەی کەتۆ قسەی پێئەکەیت و بە باشی لێی تێئەگەیت
بۆ نمونە ئەگەر تۆ لە کوردی سۆرانی، عەرەبی یان ئینگلیزی تێئەگەیت تۆ بە ئازادی ئەتوانی ئەو زمانە هەڵبژێری کە خۆت ئەتەوێت

## ناو دان

ناوی **تەواوی** خۆت بدە(باوک و باپیرەش)وە هەممو ئەو ئەندامانی خێزانەکەشت کە بەتەمای ڕایانکێشی،تێبینی*(تەنها لە حاڵەتی یەکگرتنەوەی خێزان (لم الشمل).)

## بەرواری لەدایکبوون

زۆر گرنگە ئەگەر دڵنیا نەبووی لە بەرواری لەدایک بوونت بە ڕۆژ و مانگەوە ئەوا مەیڵێ،
وە هەوڵ بدە ڕونی کەیتەوە کە چۆناهی تۆ ئەزانی کە چەندساڵی .

## مێرمنداڵان خوار هەژدەساڵ

**ئەگەر تۆ خوار ١٨ ساڵیت** ئەوا پێویستە بە هەموو تواناتەوە وردەکاریەکان دەربارەی تەمەنت ئاماژە پێبکەی و لەبەر چی دڵیات لە تەمەنت
بۆ نمونە :کاتێک لە وڵات دەرچووم  لە دوای ڕەمەزان بوو وە تەمەنم ١٥ ساڵ بوو کەواتە ئێستا تەمەنم ١٦ ساڵە، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ بڕوای پێ نەکردی و دانی بە قسەکانتدا نەنا ئەوا ئەتگوێزنەوە بۆ ئوتێلێ پەنابەرانی سەروو ١٨ ساڵ یاخود ناوەندی دەست بەسەرکردن ،ئەگەر بردیانیت بۆ هۆتێل ئەوا بە ساتافی هۆتێلەکە بڵێ کە تۆ تەمەنت چەندە ،داوای بینینی دکتۆر بکە بە هەر کەسێک بڵێ کە ئەیبینیت  و ئیش بۆ ڕێکخراوەکانی یارمەتی پەنابەران ئەکا وە ئەتوانی داوای پارێزەر بکەی بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات
ئەگەر دەست بەسەر کرای ئەوا پێویستە دەستبەجێ پەیوەندی بە بنکەی تەندروستیەوە بکەی دەربارەی تەمەنت ، بە هەموو کارمەندانی بنکەی دەست بەسەراگرتنکە بڵێ کە تەمەنت چەندە یان هەر کەسێ کە تۆ پەیوەندیت پێوەکردووە ، هەتا ئەو کاتەی بە کەفالەت ئازاد ئەبیت

## بەنیازی بچیتە خانووی کەسێکت

داوا بکە کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەران نیشتە جێ بکرێی ، هەتا ئەو کاتەی کە دڵنیا ئەبیت کە ئەتوانیت لەگەڵ هاورێکەت یان خێزانەکەت بمێنیتەوە و نیشتەجێ بیت ، چونکە دواتر گەڕانەوەت بۆ شوێنی مانەوەی پەنابەران زاحمەتە لەبەر ئەوەی پێشتر ڕەفزت کردۆتەوە.

## کێشەی جەستەی و ئەقڵی

ئەگەر زۆر هەست بە خراپی ئەکەیت و ناتوانی چاوپێکەوتنەکە بکەی،ئەوا **لە سەرەتادا** پێیان بڵێ  و لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا **بە کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بڵێ دەربارەی هەر کێشەیەکی تەندروستی جەستەی یان ئەقڵی کە هەتە**
زۆر دودڵیت؟ یان نیگەرانی ؟یاخود کێشەی نەخەوتن یان خەوی ناخۆشت هەیە ؟ یاخود هەمیشە هەست بە تورەی یان دڵتەنگی ئەکەی ، ئایا ڕوبەروی هەڵسوکەوتی خراپ  لەگەڵ کەسانی دیکەدا ؟ ئەمانە هەمووی نیشانەی لاوازی و **کێشەی دەرونین .بە کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ بڵێ**
 لەدوای چاوپێکەوتنەکەت خۆت لای دکتۆری خێزانی GP بە خێراترین کات خۆت تۆمار بکە بۆ چارەسەر وەرگرتن
**ئەگەر دەستبەسەرکرابووی بچۆ بۆ سەنتەری چارەسەرکردن بە خێراترین کات و دڵنیا بەرەوە لەوەی کە کێشە تەندروستیەکانت تۆمارکراون**

### دەستگیرکردن یاخود ئەشکەنجەدان

هەگیز پێشتر دەستگیر کراوی یاخود تووشی بەخراپی مامەڵەکردن بووی؟ کە ئەمە لەوانەیە لە ولاتەکەی خۆت یان لەکاتی گەشتەکەدا.بۆ ئەووروپا ڕووبەڕووی بووبیتەوە؟**ئەمانە هەمووی بە کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ بڵێ.** وە هەروەها پێویستە ئەوەشیان پێ بڵێی ئەگەر تووشی ئەشکەنجەدان بوویتەوە لە لایەن حکومەتی ولاتەکەت یان هەر گرووپ و لایەنێک

### لە گەشتەکەتدا بۆ شانشینی یەکگرتوو

دوات لێئەکرێ کە ناوی ئەو ولاتانە بهێنی کە پێیدا هاتووی تا گەیشتنت بە شانشینی یەکگرتوو ،وە . هەر داواکاریەکی مافی پەنابەری کە کردووتە لەو وڵاتانەی پێشتر، یان داواکاری پەنابەریەکەت تێیدا ڕەتکراوەتەوە ئەگەر ئەم زانیاریانەیان بە هەڵە بدەیتێ و دواتر ئاشکرا ببێ ، ئەوادەکرێ کاریگەی خراپی لەسە کەیسەکەت هەبێت.

ئەگەر داوای ڕونکردنەوەیان لێ کردی بۆچی داوای مافی پەنابەریت لەو ولاتانە نەکردووە کە پیایاندا تێپەڕوی،دەتوانیت بۆیان ڕون بکەیتەوە کە بۆچی داوای مافی پەنابەرێتیت نەکردووە یاخود بۆچی هەستت بە سەلامەتی نەکردووە لەوێ بمێنیتەوە.

### بۆچی شانشینی یەکگرتووت هەڵبژارد؟

کاتێک ئەم پرسیارەیان لێ کردی بڵێ **بۆ داواکردنی مافی پەنابەری**، وە **هیچی** کە مەڵێ.

### بە پوختی ئەوەیان بۆ ڕوون بکەرەوە کە بۆچی ناتوانی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت

پوختەیەکی زۆر کورتی کەیسەکەت بدە؛

- چی بە سەرتدا هاتووە پێشتر ـ وە بۆچی وڵاتەکەتت جێهێشت ؟
- ئەگەر دەستگیر کراویت یان بەشێوەیەکی نەشیاو مامەڵەت لەگەل کراوە ، بیڵێ
- ڕونیبکەوە بۆچی ئەو شتانەت بەسەردا هاتووە . بەهۆی نەژادەکەت(قومیة)، یاخود بەهۆی ئایینەکەت یاخود بیروڕای سیاسی؟ئایا پەیوەستی بە گرووپێک یان کۆمەڵە گرووپێکی دیاری کراوەوە ؟یاخود پەیوەستی بە LGBTQ (هاوڕەگەزخوازان)
- ڕرونی بکەرەوە کە ۆچی ناتوانی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەت.

### بازرگانی کرن بە مرۆڤەوە

کارمەندەکەی وەزارەتی ناو خۆ هەوڵ ئەدا لەوە تێبگات کە تۆ قوربانییەکی دەستی بازرگانانی مرۆڤی، بە مانای ئەوەی کە تۆ زۆرت لێکراوە کە یان براویت بۆ شوێنێک کە خۆت نەتویستووە،ئایا پێشر زۆرت لێکراوە بۆ کردنی کارێک بە پارە یاخو بێ پارە و زۆرت لێ کرابێ بۆ فرۆشتنی مادەی بێهۆشکەر؛ هەگیز دوچاری دەستدرێژی سێکسی بویتەتەوە یاخود ناچار کرابی بۆ ئەو کارە ؟هەرگیز کەسێک بە زۆر راییان گرتووی لەشوێنێکاو زیندانی کرابی .

ئەمانە زۆر گرنگن بۆ باسکردن لە کاتی چاوپێکەوتنەکادتدا بۆ باسکردن ئەگەر لە وڵاتەکەت یاخود لە کاتی گەشتەکەتدا ڕوویاندابێ.

### گەشتن بە دادپەروەری

عادەتەن تۆ فریای گرتنی پارێزەر ناکەوی و ڕاوێژی پێ بکەی پێش چاوپێکەوتنەکە ؛ ئەتوانی ئەم شتانە بڵێی.

---

## گرنگ!!

پێویستە وتەکانت هاوتا بن لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەیکەی لە داهاتوودا و یان پێشتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەورووپی کردوتە ..

### لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا

زۆر ئاگاداری ئەو پرسیارانە بە کە لێت ئەکرێن لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەنگە ئاسان و سادە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێت ئەکرێن **وەلامەکانت هەمووی تۆمارئەکرێن** ، وە زۆر گرنگن، وە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو وەلامەکانت بەراورد ئەکات بە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە کردوتن یان ئەیکەی (لە ڕابردوو و داهاتوودا)

### لە دوای چاوپێکەوتنەکە

کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ هەموو ئەو قسانە **تێبینی ئەکات** کە تۆ وتووتن لە کاتی چاوپێکەوتنەکە

- پێویستە لەسەرت کە داوای **کۆپییەکی** ئەو قسانەی کە کردووتە لە چاوپێکەوتنە بچووکەکەدا بکەی
- ئەگەر توانیت هەستە بە **وردبوونەوە و پیاداچوونەوە** بەو وتانەی کە داوتە و نووسراوە
- بیدە بە **پارێزەرەکەتو** داوای لێبکە کە هەستێ بە پیاداچوونەوە بۆی و یارمەتیت بدات لە لێکۆڵینەوە لە قسەکانت ،ئەگەر هەڵەی تێدابوو ،ئەتوانیت بە **وەزارەتی ناوخۆ بڵێیت**

CHANNEL INFO PROJECT

Refugee Legal Support